www.kurdistannet.org
14-10-2006 11:54بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## مانگ سەرلەئێوارە دیارە... لوقمانی حاجی کەریم

lukman2@msn. com

هەمیشە دیکتاتۆرەکان بەمافی خۆیان زانیوە کە ئەوان نوێنەری خەڵکن و لەجێگای ئەوانیشەوە ڕای خۆیان دەرببڕن بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناو خەڵك، ئەوانە هەرگیز ڕێگایان بە تاکەکانی کۆمەڵ نەداوە کە بەئازادی باس لە کێشەکانی خۆیان بکەن و سەرنج و تێبینیەکانیان، یان ڕاکانیان سەبارەت بە ڕوداوەکان دەربڕن، ئەوان خۆیان بە تاکە مینبەری خەڵك دەزانن و تەواوی ئازادیەکان لە یاسای بەڕێوەبردنیاندا خەفە کراوە، ئەم خەفەکردنە لە ژێر زۆر ناوی جیاوازدا بەرجەستە دەکەن، ئەوەی بڕوانێتە مێژووی دیکتاتۆرەکان زۆر بەباشی ئەمەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە تەواوی مرۆڤایەتی لەلای ئەوان هیچ بەهایەکی نیە، جا ئەمە چ لەڕووی سەرۆکی وڵاتێکەوە بێت یان حیزبێکی سیاسی یان سەرۆکی خێڵێك یان سەرۆکی خێزانێکەوە بێت هیچ جیاوازیەکی نەبووە، تەنانەت ئەمانە ڕێگا بەوکەسانەش نادەن کە خۆیان ڕۆڵی سەرەکی لە ڕووداوەکاندا دەبینن و دەبێت پرس و ڕا بە خاوەنشکۆکانیان بکرێت و هەر هەمان دیوەخان نەواش بێتە گفتوگۆو بەئارەزووی خۆی وەك خاوەنی ڕاستەقینەی داستانەکە بیکاتە بەشێك لە سەروەریەکانی خۆی و ئازارەکانیش بکاتە ئارەقی تێکۆشانی.

دیکتاتۆرەکان هەرگیز نەشەرم دەکەن و نە دەسڵەمنەوە لە هەر ڕوداوێك و هەر کار و هەر دەربڕینێکیاندا چونکە ئەوەی تەنها باوەڕیان پێ ی نیە ڕاستگۆییە، ئەوان کە بتوانن تەنانەت زمانیش دیل و زنجیر بکەن، چۆن
ناتوانن ئەوەی لە دەستیان دێت دژ بەمرۆڤایەتی بیکەن؟، باشترین نموونەی دیکتاتۆریەت بۆ گەلی کورد ڕژێمی پێشووی عێراقە کە تێگەیشتنێکی ووردی سەبارەت بەم مەسەلەیە لەلای خۆی درووست کردوە بۆیە زۆر زەحمەتە تازە بەتازە تاکەکانی کورد بەوە ڕازی بکرێن کە چاو بەستن و دیلێتی قبووڵ بکەن.

لەم ڕۆژانەدا بابەتێکم لەژێر ناوی (کوردستان پۆست لە دژی پەنابەران گارەگار دەکات) بەپێنوسی (عامر سابیر) لە کوردستان نێتدا خوێندەوە، بەڕاستی جێگەی تێڕامانە کە کەسێك زۆر بە ئاسانی تەواوی لایەنە سەلبیاتەکانی خۆی و حیزبەکەی ئاوا بەو ئاسانیە دەر ببڕێت، کە دڵنیام ئەم بەڕێزە لە نیازپاکی ی خۆیەوە بووە و بە مەبەستی پشتیوانی و دڵسۆزی بۆ حیزبەکەی ئەوەی ووتووە، بەڵام نەیزانیوە کەئەم ووشانە چەندە کاریگەری لەناو خەڵکدا دادەنێت و چۆنیش هەڵئەسەنگێندرێت؟، بەو ئومێدەی ئەم بیروڕایانە لەو حیزبەوە نەبێت و تەنها ڕای خۆی بێت.

ئەوەی لێرەدا پەیوەندی ی بە منەوە هەیە ئەوەیە کە تا چەندێك من ڕاستگۆ بووم لە گەڵ ڕووداوەکەدا و ووشە و ئاخافتنی کێم نوسیوە و بڵاو کردۆتەوە؟، نوسەر ماف بە خاوەن کێشە نادات و ڕاپێچم دەکات کە پرس بە خاوەنشکۆکانیان بکەم و ڕاو تێبینی ی ئەوان وەر بگرم لە سەر کێشەکە کەئەمە هەرگیز کاری من نیە بەڵکو کاری خەڵکە کە چ ڕایەکیان دەبێت بەرامبەریان و چیان پێ دەڵێن!!!؟؟، ئەی کوا کۆمەڵگای مەدەنیەت و ئازادی ی بێ قەیدوشەرتی سیاسی کە ئەوان بانگەشەی بۆ دەکەن؟؟؟، ئەمە ئەو سەرەتا ترسناکەیە کە هەر لە پێش بەدەست هێنانی دەسەڵاتەوە بەدی دەکرێت!!!، ڕێگە نەدان بە زیندانیەکی ئازادکراو کە باس لە مەئسات و هۆی ئازادبوونی دەکات دەچێتە چ خانەیەکی ئازادیە وە؟؟؟، ئەمە ئەو دیکتاتۆریەتە ترسناکەیە کە کۆمەڵگەی کورد لێ ی دەترسێت و بە ئازارەکانی ئاشنایە، ئەمە سەرەتای ئەو زامەیە کە سوێ ی بەگەلێکی زیاتر لە چل ملیۆنی بردۆتەوە و زامەکانی هەرگیز ساڕێژ نەبووە و تائەبەدیش ساڕێژ نابێت.